# هیچ مەحرەمیەتێک دروست نابێت بەهۆی شیرپێدانەوە مەگەر ئەوە نەبێت کە دەچێتە نێو ڕیخۆڵەکانەوە لە مەمکەوە، ولە پێش لەشیرگرتنەوە بێت

لە ئوم سەلەمەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ مەحرەمیەتێک دروست نابێت بەهۆی شیرپێدانەوە مەگەر ئەوە (ئەو شیرە) نەبێت کە دەچێتە نێو ڕیخۆڵەکانەوە لە مەمکەوە، ولە پێش (تەمەنی) لەشیرگرتنەوە بێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شیرپێدانە دەبێت هۆی مەحرەمیەت دروستبوون ئەگەر شیرەکە گەیشتبێتە نێو ڕیخۆڵەکانەوە ویری بکاتەوە، بەڵام شیرپێدانی کەم کە ئەمە ناکات نابێتە هۆی مەحرەمیەت دروستبوون لە نێوان منداڵە شیرپێدراوەکە وئافرەتە شیردەرەکە، بۆیە ئەو شیرپێدانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی مەحرەمیەت ئەوەیە لە کاتی منداڵیدا (خوار تەمەنی دووساڵیدا) بێت؛ واتا پێش ئەوەی منداڵەکە لە شیرپێدان ببڕێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58177